www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10:05 29-11-2006

# تۆ بڵێی نەوشیروان وابێ کە د. سیروان جاف وەسفی کردووە ... مام زۆراب

زۆرم پێ خۆش بوو، کە موریدێکی نەوشیروان مستەفا وەدەنگ هات، گرنگ نییە د. سیروان جاف کێیە؟؟ ناوێکی خوازراوە یا لە کۆڵانەکانی سلێمانی هەموو کەس دەیناسێ، ؟؟ ئەمانە هیچیان گرنگ نین، بەڵکوئەوەی گرنگە ئەوەیە، د. سیروان لەناو یەکێتی نەك هەر کۆسرەت رەسوول بەڵکو مام جەلالیشی قەبووڵ نییە، لە کاتێکدا دەیان جارو لە دەیان شوێن نەوشیروان وتوویەتی من بە بێ مام جەلال هیچ نیم!!حەزدەکەم زۆر حەزدەکەم کاکی جاف وەلامێکی ئەو قسەیەم بداتەوە.

ئینجا نووسیویەتی (ئەم مام زۆرابە لەوەش دەچێ زۆر بترسێ لەبەر ئەوەی ناوی خۆیشی بە قەرز وەرگرتووە) ئەم قسەیەی جاف زۆر راستە، بەلام دەبوو ئەوەیشی بنووسیبایە کە لە کێ دەترسێ!! بێگومان نووسینەکەی من لەسەر نەوشیروان بوو، بۆیە هەردەبێ لەو بترسم، کە ئەمە دانپێدانانێکی دروستی سیروان جافە بەوەی نەوشیروان خەڵك دەکوژێ و... نموونەشمان زۆرە، لە هەشتاکان رۆشنبیرێکی وەکوو (فوئاد مەجید میسری) لە سلێمانی ئارامی لی هەڵگیرابوو لە ترسی نەوشیروان!! کاکە سیروان جاف (ببوورە هەرجارێك کە ناوت دەهێنم سیروان جاف ی کۆنە مەجلیس تەنفیزیو تەشریعیە کارتۆنییەکەی سەدامی دیکتاتۆرم بیر دەکەوێتەوە، هەی خوا بتگرێ ناو براوە ئەمەت هێناوە!!) بەڵی کاك سیروان گیان ئەوە خۆ فوئاد مەجید میسری لە شار دەژیو شوکر بوختان ناکەین، فەرموو بچۆ لێی بپرسە!!ئینجا من لێت دەپرسم کەس گومان لە ئیمکانییەتی رۆشنبیری فوئادی میسری ناکات کەواتە دەپرسم چما رۆشنبیرەکان ئیرهابی یەکتر دەکەن؟؟، بێگومان گەر بڵیی نەخێر کەواتە نەوشیروان رۆشنبیر نییە دەنا چۆن مەفرەزەی دەناردە سلێمانی بۆ کوشتنی فوئاد میسری؟!. ئینجا کاکی برا تۆ وادەزانی هەنگوینت لە داری کلۆردا دۆزیوەتەوە پێمان دەڵێی نەوشیروان رۆشنبیرە، من پێت دەڵێم (مەلابەختیار زۆر زۆر لە نەوشیروان رۆشنبیرترە، ئەسڵەن نەوە لە بەرامبەر مەلا بەختیاردا ناتوانێ هەر قسە بکات، زۆریش لە نەوشیروان بە جورئەت ترە. فەرموو ئەو رۆشنبیرانەم پێ بڵێ کە موریدی نەوشیروانن. مامۆستا جەعفەرو عیماد رۆشنبیرترو مارکسی تریش بوون لە نەوە. دژی شەڕی براکوژیش بوون، کە نەوە سەرۆکایەتی دەکرد. ئینجا حەز دەکەم زۆرحەزدەکەم بزانم ئەو سەدا حەفتا رۆشنبیرانەی ناو یەکێتی کوێن کە موریدی نەوشیروانن؟؟ تۆ جەناب سەدا بیستی ناو سەرکردایەتیم پێ بڵێی، تەواوی رۆشنبیرەکان لە دژی نەوشیروانن، ئەوە بەرهەم سالح، مەلابەختیار، مامۆستا جەعفەر، فوئاد مەعسوم، عیماد سادق، کە هەموویان لە گرووپی مام جەلالن. شوێنە حەساسەکانیش هەر بە دەست ئەوانەوەیە، مەکتەبی هوشیاریو رووناکبیری، مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان، راگەیاندنی ناوەندی... هتد

باسی کتێب خوێندنەوە دەکەی، راست دەکەی ئەوە نییە نەوشیروان لە یادەوەرییەکانیدا، هەزارو یەك بوختانی بە خۆی کردووە، ئەوە نییە چی باشە بۆ خۆی هەڵیگێڕاوەتەوەو چی خراپشە فڕێی داوەتە سەر بەڕێز مەلا بەختارو خەڵکی دیکە، تا ئێستا لە دەیان شوێن وەلامیشی دراوەتەوە (دیارترینیان وەلامەکەی مەلابەختیار بوو) بەلام چیبکەین نەوە وەلامێکی دەست نەکەوتووە تا بێتە گۆ!!.

سەیرە دەڵێیت عومەری سەید عەلی کورسی لە ماڵ نییە مێوان لەسەری دابنیشێ، کەوابێت نەوشیروان هەر هیچ هیچی نییە لەسەری دابنیشی!! ئەمە بە پێوەرە سەقفەتەکەی جەنابت (ببوورە حەزناکەم ناوت بهێنم و بڵێم د. س جاف وەك لە سەرەوە ئاماژەم بۆی کردبوو)، بەلام من لێت دەپرسم ئەی چۆن خەرجی رۆژنامەی هاولاتی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، ئەم پارەو پوولە لەکوێ دەهێنێت؟؟ ئەی پێم ناڵێی سایتی کوردستان پۆست چۆن بەڕێوە دەبات، ئەم پارەو پوولە لەکوێ دەهێنێت؟؟!!. باشە دە لە نەوە بپرسە بۆچی لە سایتی کوردستان پۆستدا، ئەوەندە شەڕی ناڕەوا بە مەلابەختیار دەفرۆشن، خۆ

ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانییە؟! لێی بپرسە چیت داوە لە پارتی. چی نەما نەیکەی بۆ دژایەتی ئەوان، بەڵام ئاخیرەت بە گورگە لەقێ و بە راکە راکە چوونەوە ژێربالی سێبەری سەری رەش. کۆسرەت نەخوێندەوارە، ئەمە پێوەری تۆ نییە هی نەوشێروانە، بەڵام خۆ لە جەبار فەرمان نەخوێندەوار تر نەبوو کە نەوشێروان بە قارەمانی یەکێتی دەزانی، قارەمان بوو چونکە بە تەور کوڕە پێشمەرگەی بە دیل گیراوی دەکوشت. ئەمەیە پێوەری نەوشێروان، رەگەزپەرستی نەوە وای لە خەڵکی هەولێرو کەرکوك کردووە کە کەس نەوە بە خاوەنی خۆی نەزانێت، هەولێر نە نەوە نە مامە صدق الله العضیم، ئاو بێنەو دەست بشۆ، لە سلێمانیش دەرۆستی مونافەسەی بارزان کوردەیەك نەهات، ئاخر ئەوە هەمووی کارو کردەوەکانێتی دێنەوە رێگای، ئەی جەنابی جاف. من ئێستا لە جەنابت دەپرسم مام جەلال چی بەبەر وە نەماوە و ئەوە قانوونی ژیانە دوای پیری ئەنجام هەر مردنە، پێم بڵێ دوای مام جەلال چی دەکات؟؟ سەدبارە تووڕە دەبێت و لە ماڵ دادەنیشێ؟؟ چونکە تازە دەرەقەتی مەلا بەختیارو گرووپەکەی مام جەلال نایەت بەتایبەت بەرهەم ساڵح. بۆیە خۆری نەوە ئاوا بوو تەواو ئەلفاتیحە.

ئاخر کاکی جاف کۆسرەت بەو وەزعەی تێیکەوتووە ئینجا حساب بۆ نەوە ناکات تۆ لە کوێ خەوتووی؟؟؟!!!.